هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەری دەکات
ژمارە (545) 23ی شوبات - 2010

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری و لاوان

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان





www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com


# سەرۆکی حکومەت پشتیوانی خۆی بۆ نووسەران و بوژانەوەی رۆشنبیری دەربڕی



د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی د. کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان، چاویکەوت بە نووسەرانی هەر سێ لقی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، یەکێتی نووسەرانی کورد بایەخی حکومەتی بەدابینکردنی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ ژیانی رۆشنبیری و داهێنان دووپاتکردەوە.

لەدیدارێکدا کە ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی تێیدا بەشداربوون، سەرۆکی حکومەت باسی لە رۆڵی گرنگی یەکێتی نووسەران لە هەموو قۆناغە جیاجیاکان کردو گووتی: ئەو یەکێتییە توانیوویەتی جێ پەنجەی بەسەر رووخساری سیاسی و رۆشنبیری کوردییەوە دیار بێت.

سەرەڕای دوولەتبوونی حکومەت و زۆربەی رێکخراوەکان، بەڵام یەکێتی نووسەران بەیەکگرتوویی مایەوە، ئەم هەڵوێستەش جێگەی دەستخۆشی و رێزە.

د. بەرهەم باسی لەوەش کرد کە حکومەت هاوکاری یەکێتی نووسەران دەبێت لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی و ئەنجامدانی کۆنگرەیەک کە لەبەرژەوەندی نووسەران خۆیان دابێت.

داواشیکرد کە نووسەران لەدەستنیشانکردنی کەموکوڕی و گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەر رۆڵی باشتریان هەبێت.

لەو بارەیەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گووتی: پێویستە رۆشنبیرو نووسەران رۆڵیان هەبێت لە داهێنانی نەریتی تازەی گفتوگۆو لێکتێگەیشتن و دوورکەوتنەوە لە زمانی زبر.

هەر لەدرێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا، سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبووانی راگەیاند، بایەخی زۆر بەبواری داهێنان دەدرێت و لەو چوارچێوەیەدا، ئاماژەی بەوەکرد هاوکاری کتێبخانە گشتییەکان و بواری وەرگێڕان و ئەدەبی منداڵان دەکرێت. سەبارەت بە رێزلێنانی نووسەرانیش، سەرۆکی حکومەت روونیکردەوە کە پێداچوونەوەی تەواوی تێدا دەکرێت و بڕیاری حکومەت ئاوڕدانەوەو هاوکاریکردنی نووسەرانە.

هەر لەو دیدارەیاندا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، نووسەران بە وردی باسیان لەکێشەو گرفتەکانی خۆیان و لقەکانیان کرد.

پێشنیازو بیروبۆچوونی خۆشیان سەبارەت بەشێوەی هەماهەنگی نێوان حکومەت و نووسەران خستەڕوو.